Kurdistannet کوردستان نێت

# لە مێژووی شانۆی کوردییەوە

## گرووپی تیاترۆی کوردی لە ئەرمەنستانی سۆڤیەت شانۆنامەی ( مەم و زین ) ی لە ساڵی ( ١٩٤٣ ) دا نمایش کردووە

ئا : فەخرەدین تاهیر

نامیلکەیەک بە نێوی لاپەڕەیەکی مێژوویی دەربارەی شانۆی ئازەری و کورد لە ئەرمەنستان بە زمانی ئەرمەنی لە ساڵی ( ١٩٧٦) دا لە یەریڤان چاپکراوە. لەم نامیلکەیەدا تەنیا بە چەند دێڕێک باس لە مێژووی شانۆی کوردی دەوڵەتی ئەرمەنستان دەکات و دەنووسێت :( تیاترۆی کوردی لە ساڵی < ١٩٣٧ > دا لە سەنتەری ناحیەی ئەلگەز نزیک بە شاری یەریڤان لە ئەرمەنستان دامەزرا. نووسەرە ناودارەکانی کوردی سۆڤیەتی جاران ، وەک < ئەمینی عەڤداڵ ، چەردۆیێ گەنجۆ ، جاسمێ جەلیل ، حاجی جندی ، وەزیرێ نادری > ، هەردەم هاریکاری هونەرمەندانی تیاترۆی کوردییان دەکرد و هانیان دەدان کە لەسەر ئەو کارە پیرۆزەیاندا بەردەوام بن ، لە کۆتاییدا دەنووسێت : کوردەکان زۆر حەزیان لە شانۆ دەکرد و بە پەرۆشەوە بۆ بینینی نمایشی شانۆنامەکان دەچوون).
لە نامیلکەکەدا دوو وێنەی بڵاوکردۆتەوە، کە یەکێکیان دیمەنێکە لە نمایشی شانۆنامەی <مەم و زین>ی خانی کە لە ساڵی < ١٩٤٢> دا نمایش کراوە، ئەوی دیکەیان وێنەی گرووپی تیاترۆی کوردییە لە ئەرمەنستانی سۆڤیەت لە هەمان ساڵدا ، لە دواییدا بۆ زیاتر زانیاری پرسیارێکم ئاراستەی پرۆفیسۆر ئۆردوخانی جەلیلی کرد ، لە وەڵامدا وتی : ئەوەندەی لە یادم مابێت گرووپی تیاترۆی کوردی لە ئەرمەنستان < جەلاتێ کۆتێ > سەرۆکایەتی دەکرد و هەر خۆشی بەشی زۆری شانۆنامەکانی دەخستە سەر تەختەی شانۆ ، نەک تەنێ شانۆنامەی < مەم و زین > یان نمایش کرد ، گەلێک شانۆنامەی دیکەشیان خستە سەر تەختەی شانۆ ، بەلام ئەوەندەی من ئاگاداربم ، بزاڤی شانۆی کوردی لە شاری < تبلیس > لە گورجستانی سۆڤیەتی جاران خوورتر بوو ، پرۆفیسۆر ئۆردوخانی جەلیل لەسەر ئاخاوتنەکەی بەردەوام بوو و وتی : لە داهاتوو دا ئێمە دەتوانین لەسەر مێژووی شانۆی کوردی سۆڤیەتی جاران بە گشتی و شانۆی کوردی لە ئەرمەنستان بە تایبەتی لە ئەرشیفی ئەرمەنستاندا زانیاری زێدەتر بە دەست بهێنین.

تێبینی و سەرنج :

*لە نامیلکەکەدا ئەو بەشەی پەیوەندی بە مێژووی شانۆی کوردی ئەرمەنستانەوە هەبوو ، بە هاوکاری پرۆفیسۆر ئۆردوخانی جەلیل لە زمانی ئەرمەنییەوە کردمانە کوردی ، هەروەها هەر دوو وێنەکەش لە هەمان نامیلکەدا وەرگیراوە.

*ئەم نووسینە لە ڕۆژنامەی برایەتی ڕۆژی دووشەمەی ڕێکەوتی <١-٥-٢٠٠٠ > دا ، لە ژمارە < ٣٠٨٠ > دا ، بڵاوکراوەتەوە. ئەوەی شیاوی باسە ئەم نووسینە هەر لە هەمان ساڵدا لە شاری سانکت پیترسبوورگ لە رووسیا نووسراوە. بەلام لەبەر گرنگی باسەکە بە پێویستمزانی هەم خوێنەران بە گشتی و ئارەزوومەند و شانۆکاران بە تایبەتی کە نەیانخوێندۆتەوە لێی بێ بەش بن . لە هەمان کاتیشدا لە سایتی ئینتەرنێتدا لە ئەرشیف بمێنێتەوە ، پێموایە باشتر پارێزراو دەبێ.

ستۆکهۆلم ٦-١٠-٢٠٠٤



Kurdistan.net
کوردستان نێت

Kurdistannet کوردستان نێت

